# ژن لە دیدی شاعیرانەوە[1]

**زامدار ئەحمەد**

شیعر، یەکێکە لە ژانرە سەرەکییەکانی ئەدەب، کە چێژ و تامێکی جیاوازی هەیە، بەشێکی زۆر لەشاعیران لەڕێی شیعرەکانییانەوە هەست و هزری خۆیان دەربڕیوە و گوزارشتیان لەو باسە کردووە، کە لەسەردەمەکەیاندا باو بووە. واتە جەوهەر و ناواخنی خۆیان لەڕێی شیعرەوە دەربڕیوە.

لە مێژووی ئەدەب و شیعری کوردیدا، بەدەیان و سەدان شاعیر وجوودی هەیە، کە سەبارەت بە ئافرەت دواوە، هەندێ جار بەشێوەی تایبەتی بۆ ئافرەتێکی نووسیوە، یاخوود بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئافرەتان نووسراوە. لەم باسەدا، هەوڵدەدەین، شیعری چەند شاعیرێک بخەینە بەردەستی خوێنەران کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئافرەتانیان نووسیوە.

قوبادی جەلی زادە (١٩٥٣- لە ژیاندا ماوە)، لە وەسفی ژن و وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی کە ژن دەکوژن، دەڵێ:

ژن مەکوژن،
دەنا دڵۆپێک عیشق نابارێت.
ژن مەکوژن،
دەنا مانگ،ماڵەکەی دەباتەوە ئەشکەوت.

---

[1] ئەم وتارە لە لاپەڕە ٨٩ تا ٩٤ی گۆڤاری تەوار (گۆڤارێکی وەرزیی ڕووناکبیری گشتییە/ یەکێتی ژنانی کوردستان دەریدەکات/ سلێمانی)، ژمارە ٥٧، زستانی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی: ژمارەی لاپەڕەکانی ناو ئەو فایلە، بە هەمان شێوەی گۆڤارەکە دانراوە.

سەبارەت بە یەکیسانی و دادوەریّ نێوان ئافرەت و پیاو، بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨) لە شیعرێکدا جیاوازی نێوانیان ناهێڵێ و بەیەک چاو سەیریان دەکات، کاتێ دەڵێ:

مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبوری ئیش و خزمەتکردنی

مەلای گەورە (١٨٧٦-١٩٤٣) لەشیعرێکدا داوا لە گەلی کورد دەکا، واز لە ژن تەلاقدان بهێنن، ژن جوانی دونیایە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێ، بەم شێوەیە دەڵێ:

بڵێن بە قــەومی کــوردان
دەســتی مــن و دامـێنیان
عــەیبە بـە هەقی یــەزدان
ژن هێنـــــان و تەلاق دان
ژن زینـــەتی دنیــــــایە
ئـەمانەتی خـــــــودایە
حـــەبیبی مــوستەفــایە
قـــەڵاتن لـە بۆ مـێردان

عەبدوڵڵا پەشێو، لە وەسفی جوانی و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و بۆ ئافرەتێک لەشیعرێکدا، بەم شێوەیە دێتە گۆ:
خاتوونەکەم
بیستووتە ئاسمان چەند دوورە؟!
من، بارتەقای دووری ئاسمان
خۆشم ئەوێی
بیستووتە دەریا چەند قوڵە؟
بەقەد قووڵی گشت دەریاکان
خۆشم ئەوێی!
هەژار (١٩٢٠-١٩٩١) لە شیعرێکدا بە ناونیشانی ژوان، لە وەسفی ئافرەت سینگی بەرانبەرەکەی بەدڵی گەرمی خۆی وێنا دەکا و زیاتر دەدوێت و دەڵێ:
لێم گەڕێ بمرم تا لێت نەبڕاوم
نامەوێ بێ تۆ ببینێ چاوم
ئافەریم شەوێ پێکی ڕۆگرتن
سنگی نەرمی تۆ دڵی گەرمی من
وا لێک چەسپاوێن ئاو نادەڵێنین
کوڵ و کۆی خۆمان بەخەم دەمرێنین
شاعیری کلاسیکی، نالی (١٨٠٠-١٨٥٦) لە دێڕە شیعرێکدا، کە بۆ خۆشەویستەکەی نووسیوە، بەشێوەیەک دەپەیڤێ، کە بە تەنیا پێدانی ماچێک ئامادەیە گیانی خۆی کۆتایی پێ بهێنێ. کە دەڵێ:
وەفای عەهدە لە من ڕۆح و ، لە تۆ ماچ
چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم
شاعیری کلاسیکی مەحووی (١٨٣٦-١٩٠٦) شیعری بۆ ئافرەت نووسیوە، لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێ:
بهێنە جامی مەی ساقی بە پیوان گوڵا و بولبول بە جووتێ بوونە مێوان
هەناسەم لائەخا زولفی خەیاتەی شوعاعی دێتە دەر خۆری بەیانیان
دوکتۆر یوسف زەنگەنە، لە شیعرێکدا بەناونیشانی " لە جانتای کچی شەرڤانێکی کۆبانیدا" ئازایی و بەتوانایی و قارەمانێتی ئافرەتان دەخاتە ڕوو و جیاوازی خەڵکی ئاسایی و ئەوانەی لە پێناو کوردستان هەوڵدەدەن، نیشاندەدا، کە بەم شێوەیە دەڵێ:
کیژۆڵەیەک هەر دەتگوت،
خوودی تۆپی هەتاوە،
لە ئاسمان، بێزار بووە،
بۆ زەمین داکشاوە،
وا دەردەکەوت، جانتاکەی،
پڕ بۆنە و شانە و پۆدرە،
ڕەنگی لێو، کوڵم و چاوە،
کە جانتاکەی پیشاندام،
ئای کە بە کووڵ بۆی گریام،
کە بینیم ئەوەی تێیبوو،

سەد فیشەک، کلاشینکۆف،
تەنها یەک کەرتە نانێک،
بووتڵێکی پڕ لە ئاوە،
یەک دانە پەتاتەیە و،
هێلکەیەکی کوڵاوە.
لەئاست جوانی کچە کوردێک، قانع (١٨٩٨-١٩٦٥) لە شیعرێکدا بەنێوی شۆخی بێ پەروا دەڵێ:
خوا ڕەحمێ بە حاڵم کەی لەدەست ئەو شۆخە بێ پەروا
کە سوڵحی ناکرێ بۆ من بە دووسەد مەحکەمەی کوبرا
لە وەسفی نازداری و ڕوخسار جوانی کچێکدا، تاهیر بەگی جاف، لە شیعرێکدا دەڵێ:
فیدای روخساری ئاڵت بم ئەڵێی خورشیدی تابانە
بەڵا گەردانی باڵات بم وەکوو شمشادی بوستانە
لە سایەی تیغی ئەبرۆی تۆ، لە ڕۆژی حەشردا جانا
بیحەمدیلا حیسابی من لەگەڵ جەمعی شەهیدانە
پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) لە شیعرێکدا بەناونیشانی (سەراپای کچە جاف) زۆر باس وەسفی جوانی ئافرەت دەکات و ئەندامەکانی لاشەی بە شتی جوان بەراورد دەکا، ئەمە دەقی شیعرەکەیە:
کچۆڵەی بەناز، کچۆڵەی بەناز
جنسی لەتیفی شۆخی سەرفراز
بازی عشیوەباز، دۆستی شەکەر ڕاز
پێکەنینەکەت بۆ زام مەرهەم ساز
بولبولی سەرچڵ، سەرچڵی غماز
شاهینی شاهی سەر قوللەی پێباز
کوردی (١٨٠٩-١٨٤٩) وەک زۆربەی شاعیرانی دیکە، شیعری بۆ ئافرەت نووسیوە، سەرسامە پێی و وەسفی جوانی دەکا، بەم شێوەیە دەڵێ:
بەداوی زوڵف و دانەی خاڵی سەر ڕووت
گرفتارە دڵی سەد عاشقی ڕووت
نیگاهی چاوی مەستی نیمە خابت
هەزاری وەک منی خستۆتە تابووت
سەبا گەر لابدا زوڵفت لە کوڵمەت
دەڵێم یا ماهە یا خورشیدەکەی ئەنگوت
شکاندت لەشکری ئەقڵ و شەکیبم
لە وەسفی ژندا، هێمن (١٩٢١-١٩٨٦) لە شیعرێکدا بە ناونیشانی ئامێزی ژن، باس لە شوێنی ئیسراحەت و خۆشی و ناخۆشی و دورکەوتنەوە لە ژن دەکا، بەم شێوەیە دەڵێ:
جاران پەناگەی شەوانم
ئامێزی ئاوەڵای ژن بوو
گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە
مایەی حەسانەوەی من بوو

*********

دەردی ژیان، ڕەنجی خەبات

ماندووبوونی ڕۆژی ناخۆش

بەشەو لە ئامێزی ئەودا

هەمووم دەکردن فەرامۆش

************

نیگای چاوی، بزەی لێوی

برینی دەکردم ساڕێژ

برینی ئەو دڵەی، دوژمن

بە تیر دەیکرد دابێژ دابێژ

**************

نازی، تۆرانی، زیز بوونی

لاواندنەوەی، ئاشت بوونەوەی

هەمووی لەجێی خۆی شیرین بوو

زۆر سەختە لەبیر چوونەوەی

***********

لە ڕۆژی ژن، لە ساڵی (٢٠٠٢)دا، شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣) لە شیعرێکدا بە ناونیشانی ڕۆژی ژن.. ڕۆژی گوڵەبەڕۆژەکان! شیعرێکی دووروو درێژ لەسەر ئافرەت دەنووسێ، بەشێوەیەکی گشتی جوانی و گەورەیی و پیرۆزی ژن نیشاندەدا. ئەمە بەشێکە لە شیعرەکە:

من ئەمڕۆ لە تەوقەسەری ئەم یادەدا

لە تەوقەسەری بە گیا و بەگوڵ و

بە پەپولەی تەنراوی ئەم جەژنەدا

مۆمی خۆشەویستییەکی نازدار

نازدارتر لە کچە بچکۆلانەکەم و

نازدارتر له یادگاری
مێخەک بەندەکەی دایە خانم..
دائەگیرسێنم!
مۆمێک بەقەد بەژنی دایکم!
ئەوەندەی ڕۆحی ئەویش سپی و بێگەرد.
ئەوندەی شەوقی پەیڤ و قسە خۆشەکانیشی گەش!
مۆمێک لە شیعرا دائەگیرسێنم..
مۆمێک لە زمانی کوردیدا..
مۆمێک لە عەشقاو
مۆمێک لە خەمەکانتاندا..
من ئەو ڕۆژەم
بەقەد کیژۆڵەیەکی جوانکیلەی خوێن گەرم و
بەڵام چاو غەمگینی گەڕەکی ڕەحیم ئاوای
کەرکووک و ئەوەندەی ژنە نان کەرێکی دەست و پل
بلۆق کردووی گەڕەکی خانووە قوڕەکانی
ئێرەیش خۆشم ئەویٚ!

ئەمانە بەشێک بوون، لەو تێکستە شیعرانەی کە شاعیران لەبارەی ئافرەتەوە لە کات و شوێنی جیاواز نووسیویانە، ئەڵبەتە شیعری زۆر زیاتر لە سەر ئافرەت نووسراوە، چونکە ئافرەت لە شیعری کوردیدا زۆر بەرچاو و دیارە. ئەمەش پێوەندی بەهۆکاری جیاوازەوە هەبووە.

لە خوێندنەوەی ئەو شیعرانە دەردەکەویٚ کە ئافرەت لەلای شاعیرانەوە پێگەو پلەی تایبەتی هەیە و ڕێزێکی زۆریان لێدەگیریٚ و هەموویان بەبەرزی و بەچاوی مرۆڤانەوە لە ئافرەتیان ڕوانییوە، ئەگەرچی هەندیٚ جار شیعری هەندیٚ شاعیر لە چوارچێوەی حەز و چێژی سێکسیدا دەبینریٚ بەرانبەر بە ئافرەت، یاخوود ئافرەتەکە. بەتایبەتی شیعری ئەو شاعیرانەی کە زیاتر هەجوو دەنووسن.

## لیستی سەرچاوەکان

عەبدولخاڵق علاءالدین: مەلای گەورە-زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.
قوبادی جەلی زادە: باخچەکانی مەلەک تاوس، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.
یوسف زەنگەنە (دوکتۆر): کچانی چیای قەندیل و کۆبانی، ب.ش.چ، ٢٠١٦.
دیوانی بێکەس، دیوانی پیرەمێردی نەمر، دیوانی تاهیر بەگی جاف، دیوانی شێرکۆ بێکەس، دیوانی قانع، دیوانی کوردی، دیوانی مەحوی، دیوانی نالی، دیوانی هەژار، دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو، دیوانی هێمن..